# شیعری هاوچەرخ

## زەوق سز

1

چاوی مەنگی کچۆڵەکە
ڕەنجی ئینتیزار ئەکێشێ
کە هاتیشیت
وەك بروسکە تێپەڕ ئەبێت
مەلعون، سەیارەی خۆڵەکە

2

ئەلەو پرشنگ، روناك، نەخشین
ئەم عەسرەیان بۆ کوێ بچین
بۆ کۆبوونەوەکەی مەڵبەند
یان بۆ ساڵۆنی قژبڕین؟

3

شازی گۆرانیی ئەمرۆکە ناوی راپە
جەریدەشمان کوشتەی دەستی هەڵەی چاپە
ئەو ڕێوییەش، کە دەمی ناگاتە ترێ
ئەڵێ گەندەڵیی خراپە

4

گەر فرمێسکی ئەم میللەتە
وەك چکەی بەلوعەی مەغسەل
موزعیج بوایە
باوەڕت بێ باجی سەبری
حوکمەت نەیئەهێشت کەس بگری

5

سەر هەڵبڕە، ڕێك راوەستە
نەفەس مەدە ئەی کەڵەگەت
با جوان دەرچێ ئەشیعەکەت

6

چاوت قەمەر صەناعییە
ئاگای لە هەموو دنیایە
لێوت ئەرزی زەراعییە
رزقی عالەمێکی تیایە
کەچی باوکت
هەر خەریکی تەکەتولەو
قەت تۆی بە خەیاڵا نایە

7

لە پێناوی گەل‌و خاکا
لەگەڵ هەشت نۆ پیاوی چاکا
دوو دڵ مەبە رایوەشێنە
رایوەشێنە بێ سڵ کردن
سەری حیزی ماستاوکردن

8

بوکە بە بارانێ
مەسئولی جارانێ
بەزمێکی پێ کردین
مەگەر خوا بیزانێ
مەگەر خوا بیزانێ

## باشترین کەسابەت

باشترین کەسابەت ئەوەیە عەقڵ بکرێت، چونکە هەموو کەسێ وا ئەزانێ زۆری هەیەو ئامادەیە لێ ی بفرۆشێ.




## لە نەسیحەتەکانی لوقمانی قاعەکە

ئەی کوڕی شیرینم، ئەگەر حەز ئەکەی بە ئارەزووی خۆت تەعلیق بهاویت‌و ناوبەناوێکیش سەرخەو بشکێنیت، هەرگیز لە ریزی پێشەوە دامەنیشە.